خانەنشینانی هەرەم: مامەڵەی خانەنشینە نوێیەکان بە سستی بەڕێوەدەچێت

وتەبێژی یەکێتیی خانەنشینانی هەرەم، ڕایگەیاند، "مامەڵەی خانەنشینە نوێیەکان بە سستی بەڕێوەدەچێت".

سادق عوسمان، وتەبێژی یەکێتیی خانەنشینانی هەرەم، بە میدیاکانی ڕاگەیاند، "مامەڵەی مووچەی ئەو کەسانەی تازە خانەنشینکراون بە سستی بەڕێوەدەچێت و تاوەکو ئێستا تەنها کەمتر لە 150 کەس مامەڵەکەی تەواوکراوە کە وەکو خانەنشین مووچەکەیان وەربگرن".

باسی لەوەشکرد، "پێشتر بەیاربوو بەڕێوەبەری خانەنشینیی شارەکان لە ڕاییکردنی مامەڵەی خانەنشینە نوێیەکان سەرپشکبکرێن، بەڵام دواتر ئەو جێبەجێنەکراو داوا کرا سەرجەم مامەڵەکان لە هەولێر ئەنجامبدرێن، ئەوەش کاتی دەوێت".

ئاماژەی بەوەشکرد، "ئەو کەسانەی مامەڵەکانیان تەواوبووە مووچەی مانگەکانی یەک و دوو سێ پێکەوە وەردەگرن".